لە بڵاو کراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت

# مۆبایل

## هۆکارێك بۆ خۆشبەختی

## یان

## دەروازەیەك بۆ تاوان و نەهامەتی


نووسینی

هاوار عبداللە

پێداچوونەوەی

مامۆستا عدنان بارام



چاپی شەشەم


---


ماڵپەری بەهەشت

ba8.org


ماڵپەرێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صالح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەھەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەھەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ [آل عمران : ١٠٢]

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾ [النساء : ١]

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ [الأحزاب: ٧٠ - ٧١]

أَمَّا بَعْدُ ... فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ ﷺ وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

یەكێك لەو نیعمەتە گەورانەی پەروەردگار كە بە مرۆڤایەتی بەخشیوە ( **مۆبایلە** ) ، كە دەتوانرێت بەهەردوو دیوی باش و خراپ بەكاربهێنرێت ، بەڵام

زۆر بەداخەوە زۆربەی هەرەزۆری خەڵكی و بەتایبەت لاوان كوڕ بن یان كچ بەدیوە خراپەكەی بەكاریان هێناوە !!! لە كاتێكدا كە ئەتوانرێت ئەم ئامێرە بچوكە بكرێتە مینبەرێك بۆ كاری چاكە و بانگەواز بۆ ئاینی ئیسلام .

موسڵمانی بەڕێز ( **مۆبایل** ) یش وەك هەموو ئامێرێكی تر ئاداب و شێوەی تایبەتی خۆی هەیە لە بەكارهێناندا ، بەڵام جێگای داخە ( **مۆبایل** ) ەكانی ئەم سەردەمە كە یەكێكە لەسەركەوتنە گەورەكانی بواری زانست نەتوانراوە بەشێوەیەكی باش بەكاربهێنرێت !! بۆیە گەر بەوردی بەو لاوانەدا بچینەوە بەتایبەت ئەوانەی ( **مۆبایل** ) ی تازە مۆدێلیان پێیە دەبینین ( **مۆبایل** ) ەكانیان لەم بوارانەدا بەكار ئەهێنن :

١ ـ تەماشاكردنی فلیم و فیدیۆی خراپ و داوێن پیسی ، هەر بەوەشەوە نەوەستاوە بەڵكو بەنێو خەڵكیشدا بڵاوی ئەكەنەوە !! ئەم جۆرە كەسانەش لە دوو لاوە تاوانبارن :

**یەكەم :** تەماشای شتی ناشەرعی ئەكەن ، لەكاتێكدا پەوەردگار ئەفەرموێت :

﴿ قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ ۗ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾ ( النور : ٣٠ )

واتــه : بــه بــڕواداران بڵــی چـاوەكانیان لــه ئاســتی حەرامــدا بپـارێزن ، داوێنیشیان پاك ڕاگرن ، ئەوه پاكتر و چاكتره بۆیان ، خوای پەروەردگاریش به ئاگایا به هەموو ئەوەی كه ئەنجامی دەدەن .

**دووەم :** دەبنـه هۆكارێـك بـۆ بـڵاو بونـەوەی خراپـه بـەنێو خەڵكیـدا ، لـه كاتێكدا پەروەردگار ئاگەداری كردونەتەوه بەم ئایەتەی كه تێیدا فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحِبُّونَ أَن تَشِيعَ ٱلۡفَٰحِشَةُ فِي ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ﴿١٩﴾ ﴾ ( النور : ١٩ )

واته : ئەوانەی كه حەزیان لەوەیه كـه خراپـەكاری بـەناو بڕوادارانـدا بـڵاو بێتــەوه ، ســزایەكی ســەختیان بــۆ هەیــه لــه دونیــا ، و دواڕۆژدا ، خــوای پەروەدگاره دەزانی و ئێوه نه .

٢ ـ ( **مۆبایل** ) ەكانیان ئەڵێی تسجیلاتە هەموو جۆره گۆرانیـەكی تیایـه !! ئەمەش كارێكی ناشەرعیه و تاوانەكەشی لـەوەی پێشـو كـەمتره نیـه ، و هەردووكیان به زینا دانراون له شـەرعدا ئـەویان زینـای چـاو و ئەمەشـیان بـه زینای گـوێ ، هـەروەكو پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی : " ... فالعينان زناهمــا النظــر والأذنان زناهمــا الاســتماع ... " ( رواه مسلم ) .واتــــــه : وه

چاوەكانیش زیناكردنیان تەماشاكردنە ، و گوێكانیش زیناكردنیان گوێگرتنە لە شتی حەرام

ئاشكراشە گۆرانی بە بەلگەی قورئان و فەرموودە حەرامە ، هەروەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : " **ليكونن من أمتي أقوام يستحلون الحِرَ والحَرِيرَ والخمرَ والمعازف** ... " ( رواه البخاري معلقا ، وصححه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة : ١ / ١٨٦ ، برقم : ٩١ ) .

واتە : كۆمەلانێك دەبن لە ئومەتەكەم داوێن پیسی و ئاورێشم و مەی و ئامێرەكانی مۆسیقا حەلاڵ دەكەن .

ئەمیشیان بەهەمان شێوە یەكەم لەرێگەی ( بلوتوث و **IR** ) ەوە بڵاو دەكرێتەوە ، ئەم كەسانەش بەهەمان شێوە دووجار تاوانبارن :

**یەكەم :** گوێ لەحەرام ئەگرن .

**دووەم :** خەڵی دەكەنە شەریك خۆیان لە گوێگرتن ، هەروەها خۆیان دەكەنە دەروازەیەك بۆ تاوان .

٣ ـ هەندێكی تر ئیش و كاری نیە وێنەی كچان ئەگرێ جا بە ( ڤیدیۆ بێت یان فۆتۆ) ، پاشان بە شانازیەوە بڵاوی ئەكاتەوە ، خوای پەروەردگاریش

ئەفـــــەرموێت : ﴿ وَٱلَّذِينَ يُؤۡذُونَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ بِغَيۡرِ مَا ٱكۡتَسَبُواْ فَقَدِ ٱحۡتَمَلُواْ بُهۡتَٰنٗا وَإِثۡمٗا مُّبِينٗا ٥٨ ﴾

واتە : ئەوانەی كە ئازاری پیاوان و ئافرەتانی بڕوادار دەدەن بێ ئەوەی هیچ تاوانێكیان هەبێ ئەوانە تاوان و بوهتانێكی ئاشكرایان ئەنجام داوە .

٤ ـ هەندێكی تر مۆبایلەكانیان تەرخان كردوە بۆ قسەكردن لەگەڵ كچان و ئەو ووشەی كە خوا پێی خۆش نیە بەدەمیا دێ و ئەیڵێ !!!

ئەمەو جگە لەوەی بەم دواییانە كارێكی زۆر ناشیرین و درێو لەنێو لاوان بڵاو بۆتەوە ئەویش قسەكردنە لەگەڵ كچان و تسجیل كردنی دەنگیان و پاشان بڵاوكردنەوەی بەنێو خەڵكدا !!! ئەم جۆرە كەسانەش لە سێ لاوە تاوانبارن :

**یەكەم :** بەردەوامی و درێژەدان بە قسەكردن ئیسرافە ، چونكە پەروەردگار ئەو پارەیەی كە پێی بەخشیوین نەیبەخشیوە چۆن ئارەزومان لێی بوو ئاوا سەرفی بكەین چونكە لێپرسینەوەی لەسەرە ، هەروەك پێغەمبەرمان ﷺ فەرموویەتی : " لا تزول قدما عبد حتى يسأل عن أربع ؛

**عن عمره فيم أفناه ، وعن علمه ما فعل فيه ، وعن ماله من أين اكتسبه ، وفيم أنفقه ، وعن جسمه فيم أبلاه "** ( صححه العلامة الألباني في صحيح الجامع : ٧٣٠٠ ).

**واته : هیچ بەندەیەك لە ڕۆژی دواییدا پاكانی جێ گۆڕكێ ناكات تاكو لە چوار شت پرسیاری لێ نەكرێت ، لە تەمەنەكەی لە چیدا بە سەری بردووە ، وە لە زانستەكەی چی لێ كردووە ، وە لە دارایی و پارەكەی لە كوێوە بە دەستی هێناوە ، و لە چیدا سەرفی كردووە ، وە لە لاشەشی لە چیدا لە ناوی داوە .**

**دووەم : خودی قسەكردنەكە لەگەڵ كچان تاوانە ، چونكە سەرپێچی فەرمانی خوا و پێغەمبەرەكەیەتی ﷺ كە نەهیان لێ كردوە .**

**وە ئەوەش بزان هەر ووتە و گوفتارێك كە ئەیڵێن لەسەریان دەنوسرێت و لەقیامەتدا لێیان دەپرسنەوە،وەك خوای پەروەردگار ئەفەرموێت﴿ مَّا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ ﴿١٨﴾ ﴾** ( ق : ١٨ ) **. واتە : هیچ ووتەیەك بە دەمدا نایەت ئیللا ڕەقیبێكی بەسەرەوەیە .**

**سێیەم :** تاوانی ئـەوەیان لەسـەرە كـە سـومعەت كچـی خـەڵكی ئەبـەن و شــەرەف و ناموســی ئەڕوشــینن ، چــونكە دەنگــەكانیان بــڵاو ئەكەنــەوە ، دووریش نیە ببنە هۆی كوشتنی كچ یان و سەرشۆڕ كردنی بنەماڵەكەی .

٥ ـ هەندێكی تر بەردەوام پەنجەیان لەسـەر ( **مۆبـایـل** ) ەكانیانـە و سـەرقاڵی نامە نـاردنن !! چ نامەیـەكیش زۆریـان نامـەی وا ئەگۆڕنـەوە ڕەنگـە خاوەنەكـەی بەرەو دۆزەخ ببات لەوانەش :

* نامــەی ســۆزداری و عیشــق و شــیعر كــە زۆرجــار خۆشەویســتی تیــا ئەشوبهێنن بە پەروەردگار ، و زۆرجاریش شیعرەكانیان كوفری تیایە ، بـەڵام مادام خۆشەویستەكەی دڵی پێی خۆش ئەبێ گوێی ناداتێ با پـەروەردگاریش تورە بكات !!!! گرنگ خۆشەویستەكەیەتی

* نوكتە ناردن بۆ یەكتر ، لەوانـەش گاڵتـە كـردن بـە خـەڵكی بەهەشـت و دۆزخ كە خۆم هەندێكم لای خەڵك بینیوە ، هەروەها نوكتەی درۆو گاڵتەكردن بەخەڵكی و بوختان كردن بە خەڵكی و غەیبەت و ... هتد .

بەداخەوە تاكو ئێستا لاوان لەخۆیان نەپرسـیوە ئـەركی مۆبایـل جیـە ؟! بۆیە ئەم ئامێرە بۆتە هۆكارێك بـۆ بڵاوبونـەوەی خراپـەكاری بـەنێو خەڵكیـدا !!! لەكاتێكدا ئەتوانرێت بەباشترین شێوە بەكار بهێنرێت ، بەڕاستی جێگای

داخە زانست و پێش کەوتن لای لاوانی ئەم وڵاتەم بەم شێوەیە ڕیسوا بوە لـە كاتێكدا ئەو ئامێرە بچووكەی مۆبایل لە چەندین كاری چـاكەدا بـەكاربهێنرێت وەكو هەموو ئەو كارە چاكانەی كە پێشتر ئاماژەمان پیٚ كـرد بـەڵام وادیـارە لاواكانمان بیریان چووە قیامەت هەیە بۆیە چاویان تەنها خراپەكان دەبینێـت و مێشكیشیان تەنها لای خراپەیە ئەمەش هەموو لاوێك ناگرێتەوە .

## چی بکەین باشە ؟

ڕەنگە یەكێك بپرسێت باشە چۆن ئەم ئامێرە بەكاربهێنم ؟ وانەبیٚ لەچی تردا بەكاری بهێنم ؟ پرسیارێكی زۆر بەجیٚ و جوانە بەڵام لەكەم تەرخەمی خۆمان نەمانتوانیوە بگەینە وەڵامێكی تەوا و بەجیٚ بۆی .

موسڵمانی بەڕێز وەك چۆن ( **مۆبایل** ) بۆتە هۆكاریك بۆ بڵاوبونەوەی خراپە بەهەمان شێوەش دەكرێت ببێتە هۆكاریك بۆ كاری چاكەش ، بەتایبەتی ( **مۆبایل** ) ە تازە مۆدیلەكان ، كە چەندین مواصەفاتی وای تیایە زۆر گونجاوە بۆ بانگەواز كردن و كاری چاكە ، دەكریٚ لەم بوارانەی خوارەوە بەكار بهێنرێت :

**یەكەم :** نوكە كردن یان جەرەسی درێژ ( calling ) : كە ئەمەش بەهەموو جۆرە ( **مۆبایل** ) یك ئەنجام ئەدرێت ، ئەویش بەرێك كەوتن لەگەڵ چەن هاورێ یەك بەنوكەی درێژ كردن یەكتر ئاگەدار بكەنەوە بۆ نوێژی بەیانی و پارشێو كردن و هەڵسان بۆ شەو نوێژ و ...

**دووەم :** ( نامە ) ( messaging ) : كە چەكێكی بەنرخە بۆ بانگەواز كردن كە لەرێگەیەوە دەتوانرێت چەندین كاری باش بكرێت لەوانە :

١ ـ ئاگەداركردنەوەی هاورێكانت لەمەترسی وازهێنان لە نوێژ ، بەناردنی ئایەت و فەرموودە لەو بوارە .

٢ ـ ئاگەدار كردنەوەی هاورێكانت بە ناردی ناوی تازەترین كتێب و شریت ، و تازەترین موحازەرە بۆ ئەوەی زوبەرزو دەستیان بكەوێ .

٣ ـ ئامۆژگاری كردن بەناردنی ئایەت ، و فەرموودە ، و ووتـەی پێشـەوایان ، و شیعری جوان

لەنمونەی ئەو نامانەش :

* خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَلِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ جَنَّتَانِ ﴿٤٦﴾

﴾(الرحمن : ٤٦ )

* پێغەمبـەری خـوا فەرموویـەتی : " خيركم من تعلم القرآن وعلمه " ( رواه البخاري )

* ئاخر جار کەی بوو قورئانت تیا خوێندەوە .

* ئاگەداری مردن بە ، تەمەن کورتە و سەفەری قیامەتیش پێویستی بە تێشو هەیە

بۆ کچانیش زۆر پێویستە گرنگی بە بابەتی حیجاب بدەن لەنامـەکانیان کـە بـۆ یەکتری ئەنێرن

**سێیەم :** بیرخەرەوە ، بەئاگا هێنەر ( منبه یان تذكير . تقويم ( calendar ) ) دەتوانی لەرێگەی ئەم دوو بەرنامەوە کە لە هەموو ( **مۆبـایل** ) ێکدا هەیە خۆت و هاورێکانت ئاگەدار بکەیتەوە بۆ :

أ / نوێژی بەیانی و نوێژی جەماعەت .

ب / رۆژوی پێنج شـەمە و دووشـەممە و هەڵسـان بـۆ پارشێـو لـە رەمـەزان جگە لەویش

ج / خوێندنی سورەتی ( كهف ) لە رۆژانی جومعەدا .

د / ئاگەدار كردنەوە بۆ كاتی پەخش كردنی بەرنامەیەكی تەلەفزیۆنی بەنرخ .

هـ / ئاگەدار كردنەوە بۆ كاتی سەردان كردنی هاوڕێكان و گەیاندنی صلەی ڕەحم .

و / ئاگەدار كردنەوە بۆ نوێژی چێشتەنگا ( صلاة الضحى ) .

ز / شەونویژ .

ح / كاتەكانی قورئان خویندن .

گ / كاتەكانی دوعا كردن و پاڕانەوە .

ی / كاتەكانی خوێندنەوە و گوێگرتن لە قورئان و موحازەرات .

**چوارەم :** ( وێنە گرتن ) ( فیدیۆ ـ فۆتۆ ) ( CAMERA : VIDEO - IMAGE ) : ئەم دوو بەرنامەش لە زۆربەی ( **مۆبایل** ) ەكانی ئەم سەردەمەدا هەیە ، دەتوانیت وێنەیەكی كاریگەر بگریت ، وەك : لەكاتی ناشتنی مردویەك دەتوانی وێنەی قەبر یان قەبرستان بگریت بۆ ئەوەی بەردەوام بیرت لای مردن بێ دەشتوانی بۆ هاوڕێكانتی بنێری و ئەوانیش لەمردن ئاگەدار بكەیتەوە دەتوانی بە ( بلوتوث ) بۆ خەڵكی تریشتی بنێری ،

هەروەها ( **مۆبایل** ) ی وا هەیە بە سەعات وێنـەی فیـدیۆی ئـەگریٚ ئـەتوانریٚ موحازەرەیەكی تەواو وێنە بگری ، دەتوانی وێنەی كـەم ئەنـدامێك بگـری بـۆ ئـەوەی هـەردەم شـوكری پـەروەردگار بكـەیت كـە كـەم ئەنـدامی نـەكردوە دەتوانی وێنەی ناشتنی مردوو قەبرستان بگـری بـۆ ئاگەداركردنـەوەی خـۆت پاشان ئەتوانی بە ( بلوتوث ) بۆ هاورێكانت و كەسی دەوروبەریشی بنێری بیٚ ئەوەی بزانن كیٚ ناردویـەتی ، ڕەنگـە ئـەو كاتـەی ئەمانـەی تـۆ دەگاتـە ئـەو كەسانە بەتەما بن كارێكی خراپ بكەن بەبینینی ئەمەی تۆ بەخۆیانا بچنەوە و كارە خراپەكە نەكەن تۆش خێری ئەوەت دەگا كـە نەتهێشـوە ئـەو تاوانـە ئەنجام بدات ؟

**پێنجەم :** تۆماركار ( مسجل ) : ئـەم بەرنامـەش لـە زۆربـەی ( **مۆبـایـل** ) ەكاندا هەیە ، و بەبەرنامەیەكی وای لێدیٚ یەك سەعات دەنگ تسجیل بكـات ، دەتوانیت بەهۆیەوە موحازرەیەكی بەنرخ ، یان قورئان تسجیل بكەی پاشـان بەنێو هاورِیٚ و كەسانی تریشـدا بـلاوی بكەیتـەوە بەهـەمان شـێوە لەڕێگـە ( بلوتوث یان IR ) ەوە . ڕەنگە ئەم پارچە تۆماركراوە تـۆ كەسـێك هیدایـەت بدات بۆ ڕێگەی چاكە .

**شەشـەم :** ( بلوتوث : Bluetooth و ir ) مۆبایلـە تازەكـان ئـەم دوو بەرنامەیان تیانەبیٚ یـەكێكیانی تیایـە لەڕێگـەی ئـەم بەرنامەیـەوە دەتوانیـت

چەندین کاری چاکە بکەیت چۆن ؟ تەنها لەسەرتە موحازەراتی دەنگ لەسەر مردن و تەوبە و چاکەکاری و نوێژ و مردن و .. هتد ، یان وێنەی قەبرستان و مردوو کەسی کەم ئەندام بگریت و لەڕێگەی کۆمپیوتەرەوە ئایەت و فەرموودە و ئامۆژگاری لەسەر بنوسی ، پاشان بچیتە شوێنە گشتیەکان وەك باخچە و ناوبازار و زانکۆ و قوتابخانەکان و ( بلوتوث ) ەکەت بکەیتەوەوە ، پاشان بینێری بۆ ئەو کەسانەی ( بلوتوث ) ەکانیان کراوەتەوە بێ ئەوەی کەس بزانێ تۆ ناردوتە ، دەتوانی ناوێکی خوازراو بۆ ( بلوتوث ) ەکەت دابنێی ، دور نیە کەسانێك هەبن چاوەڕوانی شتی خراپ بن بەگەیشتنی ئەمانەی تۆ ڕەنگە دەسبەجێ پەشیمان بێتەوە و ئەم ڕێگایەی تۆ بگرێتە بەر ، جا چەن کەس ئەم نامانەی تۆی پێ بگا ئەوەندە خێرت دەگا ، چەندیش ئەوانیش بینێرن بۆ خەڵکی تر تۆ هەر خێرت دەگا ، چونکە دەروازەی یەکەم تۆ بوی ، دە بەرلەوەی کەس پێشت بکەوێ تۆ یەکەم کەس بە بۆ ئەم کارە .

**حەوتەم** : ( استوديو Gallery ) : لەم بەرنامەدا ئەتوانی قورئان بەدەنگ یان موحازەرەی بەسود خەزن بکەی پاشان بینێرێ بۆ هاورێکانت یان لەکاتی دەست بەتاڵی یان لەسەفەری دوور و ناو ئۆتۆمبیل بۆ خۆت گوێ لێبگری ئەمەش جێگرەوەیەکی زۆر باشە بۆ گۆرانی و شتی تر ، هەروەها

ئەتوانی وێنە و ڤیدیۆی کاریگەری تیا خەزن بکەیت بۆ خۆت سودی لێوەر بگری و بۆ خەڵکی تریشی بنێری .

**هەشتەم** : دابەزاندنی بەرنامە : زۆربەی مۆبایلەکانی ئێستا ( میمۆری memory card ) یان هەیە دەتوانیت بەهۆیەوە بەرنامەی هەمە چەشنە دابەزێنی باشترین ئەو بەرنامانەی مۆسڵمانان پێویستیانە ئەمانەن :

* ( mobile quran یان pocket quran ) قورئان بەنوسراوی بۆ ئەوەی لە هەر شوێنێك قورئانت دەست نەکەوت ، یان پێت باش نەبو هەڵیبگری لەمۆبایلەکەدا قورئان هەبێت دەتوانێت لەهەر شوێن و کاتێکدا بێت قورئان بخوێنیٚ .

* بارنامەی زۆرترین ماوەی دەنگ تسجیل کردن کە بەهۆیەوە دەتوانیت موحازەرات و دەنگی بەسود تسجیل بکەیت وە موحازەراتەکانی ڕۆژی جومعە و کەناڵە ئاسمانیەکان و پاشان سود وەرگرتن لێی و نادرنی بۆ خەڵکی تریش .

* بەرنامەی ڤیدیۆ کە بەهۆیەوە زۆرترین ماوە بە ڤیدیۆ تصویر ئەکەی بەهەمان ئەوەی پێشوو ئەتوانی سودی لێوەرگری .

* دابەزاندنی بەرنامەی فتوای گەورە زانایان .

* دابەزاندنی كورتەی ژیاننامەی خلیفەكانی راشدین .

* بەرنامەی زیكرەكان، وەكو: ( كنز المسلم : Azkar Application)

* بەرنامەی بانگ دان .

* دابەزاندنی بەرنامەی : ( instantme – BWOPDA ) : بە هۆی دابەزاندنی ئەم بەرنامەوە دەتوانیت هەموو بەرنامەیەك لە مۆبایلەكەتەوە لەڕێگەی ( بلوتوث ) ەوە بنێری بۆ خەڵك هەروەها دەتوانیت لە خەڵكیشەوە بەرنامەوە وەربگری لە نمونەی بەرنامە بەسودەكانیش ( قورئان بەنوسراوی ـ ڤیدیۆ و دەنگ ـ بەرنامەی زیكرەكانی ڕۆژانە ـ ژیاننامەی خەلیفەكان ـ فەتوای گەورە زانایان ـ بەرنامەی بانگ دان ... هتد ) .

## ئادابەكانی نامە ناردن :

كاتێك نامە ئەبێتە هۆكارێكی گرنگ بۆ ئامۆژگاری و بانگەشە كردن بۆ ئاینی ئیسلام پێویست دەكات كۆمەڵێك خالی گرنگ هەیە لەنامە نوسیندا ڕچاو بكرێت ئەوانیش بریتین لە :

١ ـ نامەكان با كورت و پڕ مانا بن بۆ ئەوە خوێنەر لێی بێزار نەبێ كەمتریش تەكلیف بكات لەسەر ئەو كەسەی ئەینێرێ .

٢ ـ بابەتەكانی نامە با زیاتر فەرموودە و ئایەت بن .

٣ ـ بەكارهێنانی زمانی شیرین و شێوازی ئەدەبی و نەرمونیانی لەنوسینەوەی نامە .

٤ ـ ئامۆژگاری كردن بەشێوەی ناڕاستەو خۆ بەواتایەكی تر ئامۆژگاریەكانت با نەبێتە هۆی بریندار كردنی هەستی بەرامبەر بەڵكو نەرم و نیانی زۆر پێویستە .

## زۆر بەكورتی :

موسڵمانی بەڕێز : وەك پێشتر وتمان ( **موبایل** ) یەكێكە لە نیعمەتە گەورەكانی پەروەردگار ، بۆیە پێویست دەكا ببێتە هۆی حەسانەوە و خۆشبەختیمان نەك بەپێچەوانەوە كە بۆتە هۆی بێزاری و سەرچاوەی تاوان بۆ زۆرێكمان ، بۆیە ئەكرێت لەخۆمان بپرسین هۆكاری ئەم هەموو تاوانانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ئامێرە بچوكە بێگیانە یان دەگەڕێتەوە بۆ خەڵكی ؟ بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ خەڵكی ، چونكە وەك چۆن پێویستە بەكاری ناهێنن ،

بۆیە پێم خۆشە كۆمەڵێك ئامۆژگاری هەموو ئەوانە بكەم كە ( **مۆبایل** ) بەكار ئەهێنن :

١ ـ ئەوە بزانە موسڵمانی بەڕێز كەوا ( **موبایل** ) هۆكارە نەك ئامانج وەتەنها ئەركی وەرگتن و ناردنە ، بۆیە پێویست ناكات خۆت سەرقاڵ بكەی بە گۆڕین و كڕین و فرۆشتنی لە پێناو مۆدیلێك بەرزتر ، چونكە ئەو پارەیەی لەدەستت دایە خوا پێتی داوە لەقیامەتیشدا لێت دەپرسێ لەچیدا سەرفت كردوە .

٢ ـ بە گوێرەی پێویست قسە بكەو نامە بنێرە ، چونكە لە دوو لاوە زیانت پێ ئەبەخشێ لەلایەكەوە زۆر قسەكرنی بێ سوود دەچێتە ڕیزی ئیسرافەوە ، كە ئەمەش پەروەردگار پێی ناڕازیە و هەموومانی لێی ئاگەدار كردۆتەوە لە لایەكی ترەوە لەڕوی تەندروستیەوە بۆت باش نیە ، چونكە بەگوێرەی ئەوەی زاناكان پێی گەیشتون ( موبایل ) كاریگەری هەیە لە سەر دڵ و مێشك و گوێ .

٣ ـ بەنامە و تەلیفۆن كردن كەس مەتۆقینە بەمە تاوانێك ئەنجام ئەدەی ، چونكە پێغەمبەرمان ﷺ فەرموویەتی : " لا يحل لمسلم أن يروع مسلما " ( صححه الألباني في صحيح سنن أبي داود : ٥٠٠٤ ) ، واتە : بۆ هیچ موسڵمانێك ڕەوا نیە موسڵمانێكی تر بتۆقێنێت .

٤ ـ پەنا بگرە بەخوا لەو قسانەی دەیكەیت ، و لەو نامانەی دەینێریت و ئازاری كەسی پێ مەدە ، چونكە خوای پەروەردگار ئەفەرموێت : ﴿ وَٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَـٰتِ بِغَيْرِ مَا ٱكْتَسَبُوا۟ فَقَدِ ٱحْتَمَلُوا۟ بُهْتَـٰنًا وَإِثْمًا مُّبِينًا ﴿٥٨﴾ ﴾ (سورة الأحزاب: ٥٨ ) ، واتە : ئەوانەی كە ئازاری پیاوان و ئافرەتانی بڕوادار دەدەن بێ ئەوەی هیچ تاوانێكیان هەبێ ئەوانە تاوان و بوهتانێكی ئاشكرایان ئەنجام داوە .

٥ ـ ئەگەر نامەیەكی درۆ یان نوكتەیەكی خراپ یان وێنەیەكی ڕوت یان هەواڵێكی درۆت پێگەیشت زوبەزو بیسڕەوە وە بۆ كەسی تری مەنێرە ، و پشان كەسیشی مەدە ، با تۆش لەو تاوانە بەشدار نەبێت ، وە ئەگەر كرا ئامۆژگاریەكی ئەو كەسە بكە ناردویەتی بەڵام بەژیری و بە هێمنی .

٦ ـ ئاگات لە ( **مۆبایل** ) ی منداڵەكانت بێ ئەگەر باوك یان دایكیت ، وە ئاگات لە ( **مۆبایل** ) ی براو خوشكەكانت بێ ئەگەر برای گەرەی .

٧ ـ وێنەی فۆتۆ و ڤیدیۆی خێزان و خوشكەكانت مەگرە لەبەر مەترسی ئەوەی ( **مۆبایل** ) ەكەت ون بێ و بگاتە دەستی خەڵكی تر .

٨ ـ بەتەلیفۆن و نامە ناردن باسی كەس مەكە ، و بوختان بۆ كەس مەكە ، هەروەها عەیبەی خەڵكی مەدركێنە ، چونكە هەموو مرۆڤێك بۆخۆی عەیبەی هەیە .

## خوشكی بێ ئاگا !!

ئەمەیان پەیوەستە بە خوشكانەوە كە لەكاتی تەلیفۆن كردندا درێژە بەقسەكانیان ئەدەن ، و دەنگی خۆیان ناسك ئەكەنەوە ، لەكاتێكا خوای پەروەردگاری فەرمانی پێكردون بەم شێوە ڕەفتار نەكەن ، وەك ئەفەرموێت : ﴿ فَلَا تَخۡضَعۡنَ بِٱلۡقَوۡلِ فَيَطۡمَعَ ٱلَّذِي فِي قَلۡبِهِۦ مَرَضٞ ﴾ ( سورة الأحزاب : ٣٢ ) ، واتە : بە نازە قسە مەكەن چونكە كەسانی دڵ نەخۆش تەماحیان تێ دەكەن .

هەروەها زۆرجار ژمارەیەكی نەناسراو تەلیفۆن ئەكات هیچ پێویست ناكات درێژەی بدەیتێ لەقسەكرن لەگەڵیا ، لەوەی نەبێ بەڵێ فەرموو نەخێر ژمارەكەت هەڵە لێداوە ، تەنها

پێویستت بەو وەڵامە كورتە هەیە ، خۆشكی خۆم چەندین جار بەژمارەی نەناسراو تەلیفۆنیان لەگەڵ كچان كردووەو پاشان تسجیلیان كردوە ، و بەنێو

خەڵكدا بڵاویان كردۆتەوە ، تەنانەت ئەو كوڕانەش كەدەیان ناسی لەقوتابخانە بێت یان لەفەرمانگە یان خزمەكانت ، بۆیە پێویست ناكات درێژە بدەیتە قسەكانت لەگەڵیان و قسەی بێ سەرو بەری بۆ بكەیت ، دڵنیابە زۆرجار خۆشەویستەكانی ئەم سەردەمە دەنگی خۆشەویستەكانیان تسجیل ئەكەن ، پاشان لەرێگەی ئەم دەنگە تسجیل كراوەوە تهدیدی كچیان كردوە ، ناچار كچەش چۆكی داداوە و ئەوەی خۆیان پییان خۆش بووە كردویانە ، دەتۆش بەر لەوەی ببیتە نێچیری دەستی كوڕانی خاوەن ( **مۆبایل** ) بەخۆتا بچۆرەوە و بیرێك لەدوا ڕۆژی خۆت و شەرەفی ماڵەوەتان بكەرەوە ئەو ماڵەی سقەی پێتە و لێت ناپرسێتەوە ، تۆش بەدزیەوە لەگەڵ كوڕان قسە ئەكەیت ئەی وەڵامی ڕۆژی دوایی چی ئەدەیتەوە ، كە دەنگی خۆت بەتەسجیل كراوی لای خەڵكی ببیسیتەوە ، خۆت لەخۆت بپرسەو وەڵامی خۆت بدەرەوە ، شوكری خوایش بكە جاری ئەمەت بەسەر نەهاتوە ، دڵنیاش بە بەسەر خەڵكێكی زۆر هاتوەو بەدەستیەوە ئەناڵێنن گەر بەخۆتا نەچیتەوە ڕۆژێك دێت بەسەر تۆیشدا بێت . زۆر جاریش لەڕێگەی برادەری و خزمایەتی وێنەت ئەگرن و بڵاوی ئەكەنەوە دوای چی ئەڵێی : خزممانە !!! هاوڕێمە !!!! كێ باوەڕت پێدەكات ؟ بۆیە بەر لەوەی كار لەكار بترازێ خۆت دەرباز بكەو بەدەستی خۆت خۆت مەكەرە نێچیر ، بە كوڕانیش ئەڵێین لەخوا بترسن ئەوەی بەسەر كچی خەڵكیدا ئەیهێنن لەوە ناترسن بەسەر خوشكەكانی

خۆشتانا بێت ؟ دڵنیاش بن یەكێك ماڵەكەی لە شوشە بێت بەرد ناگرێتە ماڵی خەڵك .

ماوەتەوە بڵێم : هەرگیز بانگەشە ناكەم بۆ ڕێگری كردن لە بڵاو بونەوەی زانست بەپێچەوانەوە ( **مۆبایل** ) یەكێكە لەهۆكارە هەرە گرنگ و پێویستەكان كە ڕێگای زۆر دورمان نزیك ئەكاتەوە ، و كاری قورسمان لەسەر ئاسان ئەكات ، بەڵكو ڕێگرم لە شێوازی بەكارهێنانی ... بانگەشەش ئەكەم بۆ باش بەكارهێنانی .

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ